# شاتوو بووکەڵەکانی





"شاتوو ڕۆژانە یاری بە بووکەکانی دەکردو پاشان بۆ ئەوەی کاتی خۆی لەگەڵ هاوڕێکەیدا بباتە سەر دەچوو دەستو قاچی بووکەکانی لێ دەکردەوە.

شاتوو دەیوت بۆ خۆتان پشوو بدەن منیش دەچم بۆ لای لۆنا لەگەڵ ئەودا کەمێك دەچینە دەرێو دوایی دێینەوە بۆ لاتانو یاریتان لەگەڵ دەکەین باشە بوکەکانم."





شاتوو لەسەری کۆڵانەکەوە بە گریان دەچوو بەرەو ماڵەوە هەر لە دەرگاکە چووە ژوورەوەو بووکەڵەکانی بەخەبەر هاتنەوە.

شاتوو دەستی کرد بە پێوەنانی قاچو دەستی بووکەکانی. بووکەکانی وتیان ئەوە چییە چی ڕووی داوە بۆ چاوەکانت پڕ فرمێسکە تۆ ئێمەت بەجێ هیچشتو پارچە پارچەت کردین، با بزانین چی بکەین تا یارمەتیت بەین.

شاتوو زەردە خەنەیەکی کردو وتی لەگەڵ لۆنادا گایەکی شاخدارمان لێ پەیدا بوو. گاکە ئێجگار گەورەو ترسناک بوو بۆیە گرییان.



شاتوو بووکەکانی لە باوەش کرد بووکێکیان وتی ئەو گایە منداڵ ناترسێنێت لەوانەیە بزانێت کە ئێوە بێ ئاگاداری باوك‌و دایکتان چوونەتە دەرێ.

بووکێکی تریان وتی ئەو گیاندارە ماڵییەو دڕندە نیە ئێوەی خۆش ئەوێ بۆ ئەوەی دوور نەکەونەوەو نەچنە سەر شەقامەکە نەوەکو ئۆتۆمبێلێك لێتان بدات ڕێگای لێ گرتوون.

شاتوو لەجیاتی لۆناش سوپاسی ئەو گایە دەکەمو بەڵێن ئەدەین جارێکی تر بێ پرسی دایەو بابە نەچینە دەرەوەو یاری لەگەڵ ئێوە بکەین.

# مناڵێکی هار





مناڵێکی هار بەیانیان لەخەو هەڵئەساو هەندێ کرداری خراپی دەکردو ئەچوو دڵی دایك‌و دایە گەورەی زوویر دەکردو بەرد بارانی ئەکردن.

ئەم منداڵە تەنها بۆ ماڵەوەیان وا نەبوو بەڵکو هەر کەسێکی بدینیایە ئەو کردارەی دووبارە ئەکردەوە.

ڕۆژێکیان ئاوو هەوا زۆر خۆش بوو، مناڵەکە ڕووی کردە ناو دارستانێك لەناو کۆمەڵە دارێکدا یاری دەکردو دەستی کرد بە هەڵوەراندنی گەڵاکان‌و شکاندنی لق‌و پۆپی دارەکان.

دارەکانیش زۆریان پێ ناخۆش بوو کەوا بەم سەرەتایی بەهارە هیچیان پێوە نەماوە.

مناڵەکە لەناوچەکەدا دەگەڕاو دەڕۆیشتو دوور دەکەوتەوە، دارەکان دەگریان‌و خەمبار بوون.





شێری ناو دارستانەکە پەیدا بوو پێی ووتن ئەوە
بۆ دەگرینو چی ڕوویداوەو کێ وایبەسەر هێناون
ئەوانیش لەداخی نهێنی دڵی خۆیان نەئەدرکاند.
دارێکی تازە پێگەیشتوو لەناو دارەکاندا وتی
منالێکی لاسار بوو هات هەموومانی بێ پەلو پۆ
کردو گەڵای پێوە نەهێشتینو لقەکانیشی شکاندین.
شێرەکە بە دارەکانی وت ئاووهەوا لەبارەو لقو
گەڵای تازەش دەردەکەنەوەو گیاندارەکە ڕووی کردە
ناو دارستانەکە زۆر بێ تاقەت بوو گوێی لە دەنگی
منالّ بوو دەگریا.





❁ شێرەکە نزیك بووەوە مناڵەکە لەناو چاڵێکدا بوو، شێرەکە بە مناڵەکەی وت  بۆ کەوتیتە ناوی‌و مەگری ئێستا ڕزگارت دەکەم مناڵەکە وتی هیچم نەکردووە کەوتمە ئەم شوێنەوە.

شێرەکە وتی تۆ کاری خراپت کردووە بۆیە وات بەسەر هاتووە.

مناڵەکە وتی: ئەی شێر بەخودا تۆ ڕاست دەکەی من زۆر دڵی دایك‌و دایە گەورەم ئێشاندوە، دارەکانیش من لق‌و گەڵاکانم وەراندبوو پەیمانت ئەدەمێ جارێکی تر هیچ کارێکی خراپە نەکەم.

شێرەکە وتی ئەی منداڵ بەڵێن بدە شتی وا نەکەیت.

مناڵەکە لەکاتی وەڵام دانەوەدا زۆر ئەترسا‌و وتی پەیمانت پێ ئەدەم.

شێرەکەش دارێکی گەورەی ناو دارستانەکەی هێناو منداڵەکەشی پێ ئازاد کرد‌و، پێشی وت چەندە سەیرە تۆ وات لە دارەکان کردبوو کەچی ئەوان تۆیان لە مردن ڕزگار کرد.مناڵەکە چووە  ناو دارەکان‌و وتی بەڵێن دەدەم هەتا لە توانام دا بێت خزمەتی هەمووتان دەکەم‌و نایەڵم ڕاوچی‌و داربڕەوە دەستکاریتان بکا.





مناڵەکە بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوت کە گەیشتەوە یەکەم جار دەستی دایك دایە گەورەی ماچ کردو داوایی لێ بووردنی لە هەردووکیان کردو وتی بەڵێنتان ئەدەمێ لەمەولا کاری خراپە نەکەم.

دایکی زۆری پێی سەیر بوو کە کوڕەکەی بەم شێوەیە داوای لێ بووردن بکاتو زۆر خۆش حاڵ بوو گوتی کوڕەکەم منو دایە گەورەت لێت خۆش ئەبینو بەڵام پێم بڵێ چی ڕووی داوە.

مناڵەکە بەسەرهاتەکەی خۆی لەناو دارستانەکە گێڕایەوە.





هەفتانەش سەردانی دارستانەکەی دەکردو دارەکانی خزمەت دەکردو لەژێر سێبەری دارەکاندا یاری دەکرد.

شێرەکە زۆر خۆش حاڵ بوو ئەو مناڵە لاسارە بووە بە مناڵێکی ژیرو خێرخواز، مناڵە ئازیزەکان چاکە لە خراپە باشترە.


# پەپوولەیەکی باڵ شکاو





پەپوولەیەکی باڵ نەخشین لەناو چەند گوڵێکی جواندا دەفڕیو ئەم چڵو ئەو چڵی لە ئاوو هەوایەکی پاکدا دەکرد. دارستانێکی گەلێك ڕەنگین بوو ئەم باڵندە جوانە هەر دەگەڕا.

لەناکاو باڵدارێك پەیدا بوو پەلاماریداو باڵێکی شکاند ئەم پەپوولەیە بە باڵێکەوە کەوتە ناو گژوگیایەکی ئێجگار زۆرەوە توانی بەهەر چۆنێك بێت خۆی ڕزگار بکات ئاواتە خواز بوو زوو چاك بێتەوە.





مێروولەیەکی بچکۆلە چاوی پێ کەوت چوو بۆ لای و پێی وت: بۆچی ئەو باڵە جوانەت شکاوە.

پەپوولەکە وتی باڵندەیەك ویستی بم خواو توانیم خۆم دەرباز بکەم لێی.

مێروولەکە وتی ئەی پەپوولەی باڵ ڕەنگین بەڵێنت پێ ئەدەم ڕۆژانە خۆراکت بۆ پەیدا بکەم تا چاك ئەبیتەوە.

پەپوولەکە زۆر خۆش حاڵ بوو ئەو زیندەوەرە بچکۆلەیە یارمەتی ئەدات.

مێروولەکە لەسەر بەڵێنەکەی دایبووی بە پەپوولەکە دەگەڕا بەدوای گەنمو خۆراکی تردا کە بیبات بۆ هاوڕێکەی، مێروولەکە لە جاران زیاتر خۆی ماندوو دەکرد بۆ ئەوەی ئازووقەی ساڵانەی خۆی بخات بۆ وەرزی سەرماو سۆڵە.





زۆری نەبرد پەپوولەکە ئەی توانی بە ئاسانی باڵەکانی بەیەکدا بدات ڕۆژێك مێروولەکە لەکاتی هێنانی خواردن بۆ ناو حەشارگاکەی، مناڵێك بەوێدا دەڕۆیشت لەناکاو قاچی نا بەسەر مێروولەکەدا.

مناڵەکە بێ ئاگا بوو بەرەو ماڵەوە ئەڕۆی.

مێروولەکە ئازارێکی زۆری پێگی‌یشت هەرچۆنێك بێت خۆی دەرباز کردو نەیتوانی بگەڕێتەوە لەژێر چەند گەڵایەکدا مایەوە تا شەو کۆتایی هات.

پەپوولەکە ئەو ڕۆژە زۆر چاوەڕوانی هاوڕێکەی کرد چونکە یەکەم جارە بەم شێوەیە دوا بکەوێت، هەرچەندە باڵ نەخشینەکە برسی بوو، بەڵام هەندێ گەنم هەبوو دانرا بوو بۆ وەرزی زستان، توانی خۆی لێ تێر بکات.

لەنزیك بەرە بەیاندا پەپوولەکە هاتە دەرەوەو دەگەڕا بەدوای مێروولەکەدا.

لە دوورەوە گەڵایەکی بەدی کرد لەسەر زەویەکە دەجووڵایەوە کە نزیك بۆوەو بینی مێروولەکەی هاوڕێی لەژێریا کەوتووە. زۆری پێ ناخۆش بوو گەیاندیە ناو حەشارگەی خۆی.

مێروولەکە پەپوولەکە لێی پرسی بۆچی وات بەسەر هاتووە. وتی کاتێك دەگەڕام بەدوای خۆراکدا لەناکاو مناڵێك قاچێکی پیادا نام، مناڵەکەش ئاگادار نەبوو لەناو قوڕەکەدا چەقیم

هەتا خۆم دەرباز کرد شەوم بەسەردا هات.





پەپوولەکە وتی تۆ هاوڕێی تەنگانەی من بویت، بێباك بەو بۆ خۆت پشوو بدە من ئێستا دەتوانم بفڕم هەموو شتێکت بۆ پەیدا دەکەم. باڵ ڕەنگینەکە دەفڕی لەم لا بۆ ئەولا تا گەنمو خۆراك زۆرتر پەیدا بکات وای لێهات لە ماوەیەکی کورتدا زەخیرەی ساڵێکی بۆ مێروولەکە کۆکردەوە.

مێروولەکە وتی: هاوڕێی چاك هەر وا دەبێت.

پەپوولەکە وتی بەتەنها جێت ناهێڵم هەر شتێکت پێویست بێت بۆتی پەیدا دەکەم.

مێروولەکە توانای ڕۆیشتنی نەمابوو، پەپوولەکە مێروولەکەی لەسەر پشتی خۆی دائەناو بەناو گوڵو دارە جوانەکاندا دەگەڕا.

مێروولەکە سوپاسی پەپوولەکەی کرد ئەمە یەکەم جارمە بەم شێوەیە بە ئاسماندا بگەڕێم زۆر خۆشحاڵ بوو، پەپوولەکە لە شیرینی گوڵەکانی دەدا بە مێروولەکە.

لەبەرە بەیانێکی نزیك دا چەند مێروولەیەکی تر پەیدا بوون قسەیان لەگەڵ مێروولەکەدا کردو پێیان وت پاشاکەیان داوا دەکات، کۆمەڵە مێروولەکە گەڕانەوە بەرەو لای حەشارگاکەیان.

پەپوولەکە وتی هاوڕێم ئێستا دەت گەیەنمە لای، مێروولەکەی خستە سەر پشتیو فڕین بۆ حەشارگەی پاشاکە.









مێروولەکە سەری دانەواند بۆ پاشاکەی.

پاشا وتی ئەوە تۆ لەکوێیت ماوەیەکە دیار نیتو کار ناکەیت هیچ شتێکت حەشار نەداوە بۆ کاتی پێویست.

مێروولەکە وتی: گەورەم من خواردنی ئەم ساڵم ئامادە کردووە لە حەشارگاکەدا.

پاشا گوتی: تۆ ڕاست ناکەیت پاسەوان بڕۆن لەگەڵیدا بزانن ڕاست ئەکات. پاسەوانەکانی پاشا بەرەو حەشارگەی میچروولەکە ڕۆیشتن کە زانیان ڕاست دەکات گەڕانەوە بۆ لای گەورەکەیانو وتیان بەڵێ هەموو گوتەکانی تەواون.

پاشا: بڕیاریدا کە مێروولەکە بکات بە وەزیری دەستە ڕاستی خۆی.

مێروولەکە وتی گەورەم ئەو کارە گەورەیە گرانە بۆ من.

پاشا: فەرمانەو دەرچووە.






مێروولەکە لەو ڕۆژەوە هەموو ڕاوێژێکی پێ ئەکرا لەگەڵی‌دا.

پەپوولەو مێروولەکە ژیانێکی خۆشیان ئەبردە سەرو پەپوولەکە بە کۆمەڵێك پەپوولە ئاشنا بووەو زۆر خۆشحاڵ بوو هەموو پێکەوە ژیانێکی ئارامو خۆشیان بەسەر ئەبرد.

مێروولەکە خواحافیزی لە پەپوولەکەی هاوڕێ کرد.

ماسی‌یە ڕەنگاو ڕەنگەکە

# ماسی‌یە رەنگاو رەنگەکە





لەناو دێیەکی کوردستاندا چەمێك هەبوو زۆر جۆر ماسی تێدا بوو خاوەنەکەی زۆر دڵخۆش بوو کە ماسیەکانی گەورە دەبن، ڕۆژێکیتان مام حەسەن لە نزیك ئاوێکەوە دانیشتبوو بینی ماسی‌یەکی بچکۆڵەی ڕەنگاوڕەنگ کەوتوو بوە سەر بەردەکان خەریك بوو بخنکێت بەڵام مام حەسەن زوو ماسییەکەی رزگار کردو گەیاندیە چەمەکەی خۆی لەناو ئاوەکەدا دەستی کرد بەمەلە کردن، ماسییەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو کە هاتۆتە ناویانەوە چونکە لە هەموویان جوانتر بوو.

مام حەسەن ڕۆژانە سەردانی ماسیەکانی ئەکردو خواردنی بۆ هەڵئەدان بەڵام ماسیە جوانەکە بەری نەدەکەوت یان کەم بوو لەبەرئەوەی هاوڕێ نەبوو، ماسی گوێی ڕووبارەکە لای دەدایە چەمەکەو بۆ لای ماسی‌یە ڕەنگاورەنگەکە دەچوون.

ماسی‌یەکی بچوکی بۆر یارمەتی ئەداو لەبەشی خواردنی کە دەستی کەوتوو بوو بەشی ماسی‌یە جوانەکەی ئەدا.

ماسی‌یە ڕەنگ جوانەکە زۆر شادمان بوو کە هاوڕێ بۆ پەیدا بووە هاوکاری دەکات ماسی‌یەکان ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبوون.






مـام حەسـەن دەچـوو چـەند ماسـیـیەکی لــەناو چەمەکەدا دەگرت‌و دەی برد بۆ بازاڕ دەی فرۆشـت، لەو سەرەوە شەکرو چایی پێ دەکڕی.

وەرزی سالٚ بـەرەو پـایز دەچـوو ماسـیـیە جوانەکـە لـەوانی تـر گـەورەتر بـوو ماسـیـیە بۆرەکـەش تـەواو گەورە بوو بوو.

ڕۆژێـک مـام حەسـەن دەمـەو بـەیانی ڕووی کـردە چەمەکەو سەیری ماسـییەکانی دەکرد بیری لـەو دوو ماسیە جوانەکەو بۆرەکە دەکردەوە کە بیـان گـرێ‌و بیفرۆشێت. ماسـیـیە بۆرەکـەی گـرت‌و لـەوەدا بـوو ماسـییە ڕەنگاو ڕەنگەکە بگرێ، ماسـییە جوانەکە بە مام حەسەنی ووت تۆ بۆچی دەمان گریت‌و لـەناومان دەبەیت، نازانی ئەو جۆرە ماسـییانە کە من،





ماسی‌یەکە ووتی بیرت چوو لەو ڕۆژەی کە منت (واتا ماسی‌یە جوانەکە) هێناوە ڕۆژ بە ڕۆژ ماسی‌یەکانی گوێی ڕووبارەکە ئەهاتنە چەمەکەوە، مەمان فەوتێنە پاش ساڵێك بەچاوی خۆت دەیبینی کە چەمەکەو چەند ڕەنگاو ڕەنگ دەبێت جوان دەبێت.

مام حەسەن وەستاوو بێدەنگ بوو بیری لێ کردەوە ماسی‌یە جوانەکە ڕاست دەکات ئەم دوو جۆرە لەناوییانا تاکن گەربیان فرۆشم‌و بخورێن جارێکی تر چەمەکەم ڕوو لەکەم بوونەوە دەکات. لەهیچ لقێکی ڕووبارەکانەوە ماسی نوێ ڕووی تێ ناکات.

مام حەسەن ماسییە بۆرەکەی خستەوە ناو چەمەکەو ماسی‌یە ڕەنگ جوانەکە سوپاسی مام حەسەنی کرد.

ماسی‌یە بۆرەکە زۆر شادمان بوو کە ڕزگاری بوو بۆ دوا جاریش چو بوە ناو چەمەکەو کەوتە مەلە کردن‌و زۆر سوپاسی ماسی‌یە جوانەکەشی کرد.

وەرزی ساڵ گۆڕا بۆ وەرزی بەهارو ماسی‌یەکان گەرایان دانابوو.

مام حەسەن دوای چەند ماوەیەك کە بینی ماسی‌یەکان لە جاران زۆرتر بوون زۆر دڵشاد بوو بەرەو ماڵەوە گەڕایەوەو بەدەم خۆیەوە گۆرانی دەووت.

ماسی جوانی ناوچە من گەورە بوون بێ خەمن.

مام حەسەن دوای مانگێك هەر لە دوورەوە بینی چەمەکەی بەچەند ڕەنگێکی جوان ڕازاوەتەوە کە نزیك بووە چەندها ماسی جوانی بچکۆلە لە چەمەکەدا مەلە دەکەن مام حەسەنیش هاواری کرد ووتی

ماسی ڕەنگاوڕەنگی جوان
چەم بووە بە باخی گوڵان.

# مین





دوای تەواو بوونی قوتابخانە کۆمەڵێك منداڵ ڕۆژانە کاتی خۆشیان لە ناوچەکەدا بەسەر ئەبرد ئەم منداڵانە جۆرەها یارە چاکیان دەکرد لەوانە تۆپ تۆپێنو چاوشارکێوو باز بازێنو... هتد.

کاروان لە دوای تەواو بوونی ئیش کردنی خۆی دەچوو بۆ لای مناڵەکان یاریان لەگەڵ بکات ئەم کورە تا بڵێیت ئاقڵو ژیر بوو لەگەڵ هاوڕێکانیدا یاری چاوشارکێیان دەکرد خۆیان لە یەکتری دەشاردەوە، سەرەی کاروان بوو بەدوایانا دەگەڕاو نەیانی ئەدۆزییەوە گەڕا تا میرانی بەدیی کردوو چوو بۆ لای کە بینی میران لەناو کۆمەڵێك دا، دا خۆی حەشاردراوە ئەو جێگایە هەمووی مینە زۆر بە وورییانە بە میرانی ووت هاوڕێم ڕامەکە ئەم ناوچەیە زۆربەی مین ڕێژکراوە دەتەقنەوە.





میرانیش سەیری چوار دەوری خۆی کرد چەند مینێك سەریان دەرکەوتووەترس چووە دڵیەوە لە شوێنی خۆی نەدەجوولا.

کاروان وتی ئێستا دەچم بۆ لای ئەو تیمە لەو دێیەی ئەوبەر خەریکی مین هەڵ گرەوەن ئاگاداریان دەکەمەوە کە بێن یارمەتیت بەن، بەڵام تکام وایە لە جێگای خۆت نەجوولێیت باشە؟

میران وتی کاروان گیان دەی ئازاکە با منیش وەك ئەو منداڵانەم لێ نەیەت کە بەهۆی مینەوە دەستو قاچیان پەڕیوە.

میران لە شوێنی خۆی وەستا بوو بیری دەکردەوە کە چۆن خۆی دەرباز بکات بەڵام نەدەویست بە دەردی ئەو پیاوەی دووکاندارەکەی لێ بێت کە یەك قاچی پەڕیووە هەر گوتەکانی لە خەیاڵدا بوو کە مام برایم پێ دەووتن کە چۆن قاچم لە دەست داوە لەناو ڕەزەکانی ئەو دیوودا بووم لەناکاو مینێك تەقیەوە منیش بەم کارەساتە هێنا، ئینجا مناڵە چاو گەشەکان با ئامۆژگاریتان بکەم لەکاتی کە کەوتنە ناوچەیەکەوە بە مین چێنرا بوو ڕامەکەن لە شوێنی خۆتان بوەستن تا تیمەکان دێن ڕزگارتان دەکەن زۆر ژیرو وریا بن ڕۆڵەکانم ئێوە نەوەی دوا ڕۆژن و وڵاتەکەمان چاوەڕوانی ئێوەیە کە بتوانن دێهاتەکان ئاوەدان بکەنەوە.

میران لە بیرکردنەوە ڕاپەڕیوو کە بینی چوار دەورییان گرتوە بۆ ئەوەی دەربازی بکەن زۆر شادمان بوو.

تیمی مین هەڵگرەوە بە ئامێری مین دۆزینەوە ڕێگەیەکیان بۆ میران دۆزییەوە ڕزگاریان کرد.

میران وتی زۆر سوپاستان دەکەم دەست خۆشیتان لێ دەکەم، وا واش کرد هەتا دێن ئەم ناوچەیە پاك دەکەنەوە ڕێنمایی بۆ دابنێن نیشانەی قەدەغە کردنی ڕۆیشتنی لێ داچەقێنن.

ئەو تیمە داواکەی میرانیان جێ بەجێ کردو و ئامۆژگاری پێویستی بۆ خەڵکی ناوچەکە ڕوون کردەوە.

میران باوەشی کرد  بە کارواندا و وتی هاوڕێ گیان گەر تۆ نەبوویتایە توشی کارەساتێك دەبووم.

کاروان وتی میران ئێمە برای یەکترین دەبێت لەکاتی پێویست دا یارمەتی یەکتری بدەین و بگرە دەبێت لەمەودوا ئامۆژگاری  هاوڕێکانمان بکەین بۆ ئەوە هیچ کاتێك تووشی ناخۆشی وانەبن.









میران‌و کاروان ڕۆشتنەوە بۆ لای مام ﴿ برایم ﴾ لە دوکانەکەیدا دانیشتن‌و میران دەستی ماچ کردو ووتی مامە گیان ئەزانی ئەمڕۆ خەریك بوو بەهۆی مینەوە کارەساتێکم لێ ڕوو بدات! بەڵام ئامۆژگاریەکانی تۆو کاروانیش ئەو تیمەی هێنا کە ڕزگارم کەن شوکر بۆ خوا هیچم لێ نەهات.

مام ﴿ برایم ﴾ میران گیان ئەوا تۆ دەربازن بوو زۆر خۆشحاڵم کە هیچ شتێك ڕوو نەدە سەد شوکر بۆ خوا، ئینشاالله هیچ کەسێك توشی کارەساتی وا نابێت. ڕۆژ دەم‌و ئێوارە دەچوو میران خوا حافیزی لە کاروان کردوو کاروانیش ووتی بەنیازی دیدار.

کاروان زۆر دڵشاد بوو هاوڕێکەی لە مردن ڕزگار کرد، وە کە گەیشتەوە بۆ ماڵەوە بە دایك‌و باوکی گیرایەوەو ئەوانیش ئافەریمان کردوو باوکی وتی

ڕۆڵەکـەم ئاگـاداری خۆتـان بـن لـەکاتی کـە دەچـن بـۆ نـاو دارستانەکە بۆ یاری کردن.

میران چوو بۆ ماڵەوە نەی دەوێرا ئەو بەسەرهاتە بگێڕێتەوە نەوەکو باوکو دایکی ڕێگەی پێ نەدەن جارێکی تر بچێت بۆ یاری لەگەڵ هاوڕێکانیدا.

میران ئەو شەوە لەخەویدا چوو بووە ناو باخێکەوە چەند گوڵێک لێ کردەوە دایە دەستی کاروان، بەدەنگی کەڵەشێرەکەی خەبەری بۆوەو، دوای نان خواردنی بەیانی چوو ناو گوڵەکانەوە چەپکێك گوڵی لێ کردەوە بردی بۆ کاروان ووتی لەخەونما گوڵم دا ویستی بۆ ئەوەی خەوەکە بۆ تۆ خۆش بێت با بەڕاستی. ئەم گوڵانەم بۆ هێناوی.

کاروان زۆر خۆشحاڵ بوو سوپاسی میران کرد.